


# پێداچوونەوەیەک بە ڕۆمانی سەگەکەشیان چوارەمیان بوو

جەلیل کاکەوەیس

لە چلەی ماتەمینی (حەکیم کاکەوەیس)دا بەڵێنی ئەوەم دابوو کە جارێکی تر بەنووسین و بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە ئازیزەدا بچمەوە، لێ بۆم دەرکەوت باشتر وایە کە ئەم کارە بۆ ڕەخنەگران و باسکاران جێ بهێڵم و تەنیا هەڵوەستەیەک لەسەر دوا بەرهەمی کۆچکردوو بکەم کە ئەویش ڕۆمانی (سەگەکەشیان چوارەمیان بوو)ە.

بەر لە هەرشتێک ناوونیشانی ڕۆمانەکە سرووشی لە قورئانی پیرۆز وەرگرتوو؛ ئەوەتا لە سوورەتی (الكهف)دا خودا دەفەرموێت: (ويقولون ثلاثة و رابعهم كلبهم)، پاش ئەمە دەفەرموێت( ويقولون سبعة وثامنهم كلبهم قل ربي اعلم بعدتهم) لەم سوورەتەدا باسی یارانی ئەشکەوت دەکرێ کە ماوەی سێ سەد و نۆساڵ لە ئەشکەوتی (رقيم) خەویان لێ کەوت و دوای ئەم سێ سەدەیە وەئاگا هاتنەوە، بەڵام ڕۆژگار ڕۆژگارێکی تر بوو، هەرچەندە لە ڕۆمانەکەدا ئەو پەرجووە خوداییە ڕوونادات، ئەوەندە هەیە کارەکتەرەکانی یارانی ئەشکەوت لەسۆنگەی ئایینی و زەبروزەنگی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە هەڵدێن و لەنێو ئەشکەوتی ڕەقیم خۆ حەشاردەدەن، بەڵام کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە بەهەمان شێوە لەسۆنگەی ئایینی و لە ترسی دەسەڵاتی خۆسەپێنەری سوپای عارەبی ئیسلامی زێدی خۆیان (سێکانیان) جێ دەهێڵن و بەرەو ناوچە بەرزاییەکان و شاخاوییەکان ڕەودەکەن، بەڵام نووسەر باسی ئەشکەوتێکی دیاریکراو ناکات، لەیارانی ئەشکەوتدا سەگەکە خاوەنی هەیە و هی یەکێکە لە یاران کە شوانێک بووە، لێ لە ڕۆمانەکەدا کارەکتەرەکان بە ڕێکەوت لە ڕێگەدا تووشی سەگەکە دەبن و ئیدی دوایان دەکەوێت، کارەکتەری چالاک و شاکەس لە یارانی ئەشکەوتدا (ماکسی ملیان)ە، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا کارەکتەری چالاک (دایکە دۆغدۆ)یە.

ئەم بەدواداچوونە بە مەبەستی بەراوردکردن نییە، بگرە سەرنجێکەو خستوومەتە ڕوو، هاوکات دەشێ لای خوێنەرێکی تر بەجۆرێکی دیکە لێک بدرێتەوە، هەر لەسەر ناوونیشانی ڕۆمانەکە دەوەستم و قسە لەسەر گفتوگۆیەکی نێوان من و حەکیم دەکەم؛ نزیکەی دوو مانگ

پێش کۆچە ناوادەکەی کە هێشتا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی سوید بوو، پێی وتم : ڕۆمانێکم نووسیوە بەناوی (دایکە دۆغدۆ)، منیش یەکسەر وتم: هەرچەندە ڕۆمانەکەتم نەخوێندووەتەوە، بەڵام ڕەنگە بەگوێرەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ناوونیشانەکە گونجاو بێت، بەڵام وریابە (خەسرەو جاف)ی ڕۆماننووسیش ڕۆمانێکی بەم ناوونیشانە هەیە، پێم باشە ناوونیشانێکی دیکەی بۆ دابنێیت، ئەوەبوو قەناعەتی هێناو ناوونیشانەکەی گۆڕی بۆ(سەگەکەشیان چوارەمیان بوو)، هەرچەندە لەسەر ئەم ناوونیشانەش سەرنجم هەیە، چونکە سەگەکە وەک کارەکتەرێک لە چەند لاپەڕەیەکی کەمی کۆتایی ڕۆمانەکەدا ناوی هاتووە و ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا نییە.

لەم پێشەکییە کورتەدا ئەگەر هەست بەجۆرە لاری بوونێک لە ڕۆمانەکە بکرێ، بەهیچ جۆرێ لەم کارە مەزنەی حەکیم کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەکارێکی دەگمەن و ناوازەی دەزانم و هەوڵیشم داوە لەم نووسینەدا بێلایەنانە کار بکەم و وەک دەقێکی دنیای ڕۆماننووسیی کورد تەماشای بکەم.

توخمە پێکهێنەرەکانی ڕۆمان کە بریتین لە هزر و کات و شوێن و کەسەکان و ڕووداو، ئەمە جگە لە ڕەچاوکردنی هونەرکاری و تەکنیک، بۆ نووسینی هەر دەقێکی ڕۆمانیش هەموو توخمەکان پێکەوە گرێ دەدرێن، هاوکات یەکتر تەواو دەکەن، لێ برێ جار کەلەبەرێک دەکەوێتە نێوان توخمەکان، چونکە ڕۆماننووس پێداگری لەسەر یەکێک لە توخمەکان دەکات و پتر زەقی دەکاتەوە، پێم وایە حەکیم لەم ڕۆمانەدا زیاتر پێداگری لەسەر هزر و واتا کردووە و هاوکات بایەخی بەتوخمەکانی تریش داوە.

ئەگەر لەسەر بیرۆکە و هزری ئەم ڕۆمانە بوەستین، دەبینین لەسەر بنەمای مێژوو ڕۆنراوە، بەڵام لەوەدا لەمێژوو جیابووەتەوە کە پشتی بەخەیاڵ و هەموو هونەرکارییەکانی ڕۆمان بەستووە، بەتایبەتی هەر لە ڕێگەی خەیاڵەوە دەستکاری هەندێ توخمی وەک کەسەکان و شوێنی کردووە، ئاوهاش ئەگەر خوێنەر ورد نەبێت، ڕەنگە نەچێتەوە سەر بنجی کەسەکان و شوێنەکان، بۆیە پێم وایە ئەگەر لە پاشکۆی ڕۆمانەکەدا فەرهەنگۆکێک بکرایە، دەبوو بەیارمەتیدەرێکی باش، بەڵام ئەفسووس مەرگ مەودای ڕۆماننووسی نەدا ئەو کارە بکات.

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لەسەرەتای شاڵاوەکانی سوپای عارەبی ئیسلامی دەست پێ دەکات، ئەو دەمەی هەوڵیان دەدا ئایینی ئیسلام تەشەنە بکات و بگاتە دوورترین شوێنی دوورگەی عەرەبی و هاوکات مەبەستیان بوو لە ڕێگەی هێزەوە لەلایەکەوە دەست بەسەر ئەو ناوچانەدا بگرن کە خێر و بێرێکی زۆریان تێدابوو، لەلایەکی تریشەوە مەبەستیان پووچەڵ کردنەوەی ئایینەکانی تر بوو، لەوانە ئایینی زەردەشتی، چونکە ئەم ئایینە لەو سەردەمەدا لەهەرەت و سەردەمی زێرینی خۆیدا بوو، بەتایبەتی ناوچە کوردنشینەکان وابەستەی ئایینەکەی خۆیان بوون و خاوەنی پەرستگا و ئاتەشگەدە و ڕێوڕەسمی خۆیان بوون، کاتێ سوپای عارەبی ئیسلامی ڕوویان دەکردە ئەو شوێنانەی زەردەشتی نشین بوون، سەرباری تاڵان و بڕۆ و سەبی کردنی کچ و ئافرەتیان، گڕی ئاگری ئاتەشگەکانیان دادەمرکاندەوە، کاتێ ئەو سوپایە گەیشتە قەڵای کەرخینی (کەرکووک) و دەوروبەری، سەرکردەکانی سوپای شاڵاوەکە هەوڵیان دا گڕی ئاگری گڕگڕە (باوەگوڕگوڕ) دامرکێننەوە، بەڵام بۆیان نەکرا، چونکە ئەو ئاگرە ئەزەلییە ئەگەر لەشوێنێکەوە دامرکێنرێتەوە، ئەوە لەشوێنێکی دیکەی نزیک خۆی بڵێسە دەسەنێت، بۆیە سەرکردەکانی سوپاکە ئەو ئاگرەیان بەجۆرە جادوویەک دەزانی، هەر لەم سۆنگەیەوە عارەبە شۆڤێنیستەکانی ئێستا، کورد و تەنانەت فارسیش بەئاگرپەرست ناودەبەن.

ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە دەورکردنەوەی ئەو مێژووەیە،بەڵام بەشێوەیەکی هونەری ئەوتۆ لە خانەی مێژوویەکی ڕووت دەرباز بووە، بۆیە پێم وایە ئەم ڕۆمانەی حەکیم سەرەتایەکە بۆ ناسینی ڕاستەقینەی ڕەگوڕیشەی میللەتی کرد لەلایەک و هەنگاوێکیشە بۆ وەچەکانی ئایینده لەبواری ڕۆماننووسیی کوردانەدا لەلایەکی دیکەوە.

لە ڕووی شوێنەوە چەقی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە قەڵای کەرخینی (کەرکووک)ـەوە تا گوندی حەساری گەورە دەگرێتەوە، لەبەر

ئەوەی ئەو شوێنانەی لە ڕۆمانەکەدا باس کراون زۆر ناوچەیی و لۆکاڵین، ڕەنگە خوێنەر بەباشی نەیانناسێتەوە، بۆیە بەباشم زانی هەڵوەستەیەکی کورتیان لەسەر بکەم، سێکانیان ئەو گوندەیە کە دەکەوێتە نێوان زنجیرە بەرزاییەکانی کانی دۆمەڵان و کەرکووکەوە، ڕووداوەکان کە لەم گوندەوە دەست پێ دەکەن تا ساڵی ١٩٦٣ نزیکەی چل ماڵێک دەبوو، هەر لەو ساڵەدا حەرەس قەومی خەڵکێکی زۆریانی لێ شەهید کردن و گوندەکەشیانی وێران و خاپوور کرد. ئەوانەی لەو کوشتارە ڕزگار بووبوون، ڕوویان کردە گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکووک و لەکۆڵانێک نیشتەجێ بوون پێی دەوترا کۆڵانی سێکانییەکان، هەر لەبەر ئەمەشە حەکیم لەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆمانەکەدا ئەمەی نووسیوە: (پێشکەشە بەشەهیدانی ١٩٦٣ی سێکانیان).

لێرەدا دەمەوێ ئەوە بەبیری خوێنەر بهێنمەوە، من لەساڵی ٢٠١١ چیرۆکێکم بەناوی (شتێ لەگیرفانی دایکمدایە) بڵاوکردووەتەوە، باسی هەمان ڕووداوی ١٩٦٣ دەکات، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە من و حەکیم پەروەردەی یەک بنەماڵە و یەک ژینگەین، بۆیە ڕووداوەکان لە یادگەی هەردووکماندا بەبێ پلان و بێ ئەوەی ئاگامان لەکارەکانی یەکتر بێت، لە یەکترەوە نزیکن.

ئەو شوێنانەی لەم ڕۆمانەدا ناویان هاتووە، یان وەک خۆیان ماونەتەوە، یان بەگوێرەی ڕۆژگار و دەسەڵاتی خەیاڵ دەستکاری کراون، بۆ نموونە جاران ڕێگای کەرکووک- هەولێر هەر لەنزیک گوندی سێکانیان بەنێوان دوو تیغە شاخی نزم و درێژدا تێ دەپەڕی پێیان دەوت(لۆدەی دایک پاشا)، دەبینین لە ڕۆمانەکەدا هەر بەلۆدە ناوی هاتووە، هەر نزیکی ئەو شوێنە بەرزاییەکی ڕک هەبوو پێی دەوترا (تەپەقوت)، لە ڕۆمانەکەدا بە تەپەیەزد ناوی هاتووە، ڕێگای کۆنی کەرکووک بە گەروویەکدا تێدەپەڕێت پێی دەوترا (کەیبر)، ئەم ناوە لە ڕۆمانەکەدا وەک خۆی ماوەتەوە، جگە لەناوی ئەم شوێنانە، ناوی ئەو چەمە زستانەیە هاتووە لەنزیک دووڕێیانی هەولێر- کۆیە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا تێدەپەڕێت پێی دەوترێ (خڕی تەتراوە) لە ڕۆمانەکەدا وەک خۆی ماوەتەوە، سایەبە کە لە ڕۆمانەکەدا باس کراوە بریتییە لەزەوییەکی کشتوکاڵی فراوان و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارەدێی ئێستای گوندی سەقزلی و لە ڕۆمانەکەدا وەک خۆی ماوەتەوە.

ڕۆماننووس بەشێک لە ڕووداوەکان دەگوێزێتەوە بۆ گوندی حەساری گەورە، بەڵام بە (سۆتکەجاڕ) ناوی دەبات، سۆتکەجاڕ ئەمێستا زەوییەکی کشتوکاڵییە و دەکەوێتە ڕۆژئاوای حەساری گەورەوە و خاکەکەی لماوی و ساردە، هاوینان درەختی سۆتکەی لێ دەڕوێت. سۆتکە لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە، ڕەگەکەی بۆنێکی خۆشی هەیە و بەقەد دەنکە فاسولیایەک دەبێت و ڕەنگی ڕەشە. جاران بەرستێکەوە دەکرا و بەقەد بێشکە، یان لانکی منداڵی ساوادا هەڵدەواسرا، بەپێی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە خەڵکی سۆتکەجاڕ(حەساری گەورە) لەو سەردەمەدا پەیڕەوی ئایینی زەردەشتییان کردووە و جۆرە ناکۆکییەکیان لەگەڵ خەڵکی سێکانیاندا هەبووە و لەسەر شتی سادە نێوانیان تێکچووە.

هەر لە سنووری گوندی حەساردا ناوی (ئاودار) کە بەو خڕە، یان چەمە زستانەیە دەوترێ کە لە هەڵەت و بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی حەسارەوە لەوەرزی باران باریندا ئاوی پێدا دەڕوات و بڕێ جار دەبێتە لافاویش، هەر بە نزیک حەساردا تێ دەپەڕێت، هەروەها ناوی (باوە غولغول) هاتووە کە بریتییە لە کەڵەکە بەردێک بەشێوەیەکی بازنەیی هەڵچنراوە و لە چەقی بازنەکەدا تەروو، یان کفرێکی لێ ڕواوە، گوایە جێ نزرگەی پیاوچاکێک بووە، بۆیە کەس دەستی بڕینەوەی بۆ نابات، ئەم جۆرە ناوەش لە کوردەواریدا زۆر باون؛ وەک باوەگوڕگوڕ، باوە فەتی، باوەشاسواری نزیک کفری.

ڕۆماننووس سەرنجمان بەرەو کەرکووک ڕادەکێشێت، گوایە لەو سەردەمەدا تەنیا بریتی بووە لەقەڵایەک و پێی گوتراوە (قەڵای کەرخینی)، بەردەوام گڕی ئاگری ئاتەشگەدەیەکی زەردەشتی تێدا ڕووناکی بەخشیوە، دواجار کە بەدەوری قەڵاکەدا خانووبەرە دروست کراوە، ناوێکی دیکەی لێ نراوە، وەک (ئارابخا)، گوایە گەڕەکی عەرەفەی ئێستا هەر ئەو ئارابخایەیە و گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بووە بە عەرەفە.

کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانە

هەندێکیان لەسەرەتاوە تاکۆتایی ڕۆمانەکە ڕۆڵێکی دیار و کاریگەریان هەیە و هەندێکی تریان لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆڵەیان نییە، کەمتر ناویان هاتووە. کەسە دیارەکان ئەمانەن:

– پیر بارام: پیاوی ئایینی و دەمڕاستی خەڵکی سێکانیان و بەرپرسی ئاتەشگەدە، کاتێ سوپای عارەبی ئیسلامی گەیشتوونەتە سێکانیان، ئەم پیر بارامە موسڵمان بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، بەڵام بەنهێنی وای لە خەڵکەکە گەیاندبوو گوایە بۆ پاراستنی خەڵکی سێکانیان ئەم کارەی کردووە، دەنا ژێراوژێر هەر لە سەر ئایینی زەردەشتی ماوەتەوە. لەمەدا ڕۆمانووس دەیەوێ پێمان بڵێت مێژووی میللەتی کورد وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە، ئەوەتا سەرۆک جاش و ئامر فەوجەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو بەناوی پاراستنی خەڵکەوە، چەکی خیانەتیان هەڵدەگرت و شانبەشانی سوپای عێراق ڕاوە کوردیان دەکرد و دێهاتی کوردیان خاپوور دەکرد.

دوای ئەوەی زۆربەی خەڵکی سێکانیان بوون بە موسڵمان، سێ کەس خۆیان بە دەستەوە نەداو لەسەر ئایینەکەی خۆیان مانەوە، ئەم سێ کەسە ڕۆڵی سەرەکی لە ڕۆمانەکەدا دەبینن کە ئەمانەن:

– دایکە دۆغدۆ: ئەم دۆغدۆیە ئەو ئافرەتە نییە کە سەرچاوە مێژووییەکان بەدایکی زەردەشتی دەزانن، بەڵکو بەناوی ئەوەوە ناونراوە، لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕووداوەکاندا دەبینێت و هێمایەکە بۆ بەرگری و خۆڕاگری بەرانبەر داگیرکەران، تەنانەت کچێکیشی لەلایەن سوپای داگیرکەرەوە بەتاڵان دەبردرێ و سەبی دەکرێ.

– ئەفراسیاو: لە ڕۆمانەکەدا بە (گورگەی سەرگردەکان) ناسراوە، هاوتای دایکە دۆغدۆ بووەتە شاکەسێکی دیکە و دەستی لە ئایینەکەی خۆی هەڵنەگرتووە، ئەم گورگەیە لەبەرەی دایکانییەوە دەچێتەوە سەر ئاوەدانی سۆتکەجاڕ و وەک جەنگاوەرێک داکۆکی لە ئایینی زەردەشتی کردووە و ناوبەناو زەبرێکی لە سوپای داگیرکەر داوە.

ڕێواس: «ئەو کیژۆڵە نازدارەی سێکانیان، سوارچاکێکی بێ وێنە و دەزگیران و هاودەمی گورگە بوو و هەرچی گورگە دەیزانی فێری کردبوو و ئەویش بێ باکانە هەندێ جار بەتەنیا ڕێبواری نەیاری ڕووت دەکردەوە». کاتێ سوپای عارەبی گەیشتە سێکانیان، ڕێواسیش وەک کچانی دیکە دەستگیر دەکرێ و بەتاڵان دەیبەن و لەنێو خێوەتگایەکی نزیک قەڵای کەرخینی بەندی دەکەن، تەنانەت دەستدرێژیی سێکسیشی دەکرێتەسەر، بەڵام گورگەی دەزگیرانی بەپێی پلانێک ڕزگاری دەکات.

دەبینین ڕۆمانووس لە تەواوی خەڵکی سێکانیان سێ کەسایەتی کە هێمایەکن بۆ بەرخۆدان و بەرگری کردن دەهێڵێتەوە و ڕووداوەکانیان پێ دەسپێرێت، ئەوانیش (دایکە دۆغدۆ و گورگە و ڕێواس)ن، تا ئەو دەمەی لە خەڵکەکەی خۆیان نائومێد دەبن، ئیدی بەناچاری ڕەودەکەن و زێدی خۆیان جێ دەهێڵن و ڕوو لەچیا بەرزەکان دەکەن.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، شاڵاوەکانی سوپای عارەبی ئیسلامی لەسەدەی حەوتەمی زایینی دەست پێ دەکات کە ئەم مێژووەش دەکەوێتە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفەی دووەمی موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب کە لە ڕۆمانەکەدا بە (هۆمەرە درێژ) ناوی دەبات، هەروەها ناوی موحەمەد پێغەمبەری موسڵمانان (د) بە (مەمەد) هاتووە.

هەر بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، بەتایبەتی کتێبی (شاڵاوەکانی عارەبی ئیسلامی لەسەدەی حەوتەمی زایینییەوە تا سەدەی دەیەمی زایینی نووسینی ئارشاک پۆلادیان و وەرگێڕانی بۆ کوردی نووسەری ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە) لەو سەردەمەدا، واتا لەسەرەتای شاڵاوەکاندا بەپێی فەرمانی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب، دەبوو ئەو سوپایە لە عێراقدا تا ناوچەی (ڕەشەخاک) ی دەوروبەری نەجەف و کەربەلای ئێستا پێشڕەوی بکردایە و ئیدی بوەستایە، بەڵام سەرکردەکانی ئەو سوپایە تەماحگیری تاڵان و بڕۆ دەبن و فەرمانەکەی خەلیفە عومەر جێبەجێ ناکەن و ڕوو دەکەنە کوردستان و وەک هەمیشە لەسەر تاڵان و بڕۆ بەردەوام دەبن و دەستکاری هەموو دابونەریتێکی خەڵکەکەی دەکەن.

– کارەکتەری لاوەکی لەم ڕۆمانەدا کە تێهەڵکێشی ناوونیشانی ڕۆمانەکە کراوە (سەگەبۆرە)یە، کە بەرێکەوت لە ڕێگا تووشی سێ

کارەکتەرە سەرەکییەکە (دایکە دۆغدۆ و گورگە و ڕێواس) دەبێت و بەگەڵیان دەکەوێت، ئالێرەوە دەبنە چوار کارەکتەر و ڕوو دەکەنە ناوچە شاخاوییەکان، لەبەر ئەوەی ناوونیشان هەڵگری ناسنامەی دەقە و پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ناوەڕۆکدا هەیە، ئێ سەگەکەش لە چەند لاپەڕەیەکی کەمی ڕۆمانەکەدا سەرهەڵدەدات و پێشتر ڕۆڵێکی لە ڕووداوەکاندا نییە، نەدەبوو بەشێکی لە ناوونیشانەکە داگیر کردبا، خۆزگە حەکیم خۆی لەژیاندا بووایەو ئەم دەمودووەم لەگەڵداکردبا، بەڵام داری خۆزگە بەرناگرێت.

ئەم ڕۆمانە لە دوور و نزیک کاریگەرییەکی ڕووداو و قەوماوەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردووی لەسەرە، چونکە نووسەر خۆی شایەتحاڵی زۆربەی ڕووداوەکانە، بگرە بەکردەیی تێیاندا ژیاوە، هەندێ جار پریشکی ڕووداوەکان بەر خۆی، یان کەسوکار و باوکی کەوتووە، چونکە لەو سەردەمەدا و دواتریش کەرکووک و دەوروبەری پشکی هەرەزۆریان لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی بەرکەوتووە و لە هەموو ڕوویەکەوە خەڵکەکەی زۆرترین قوربانییان داوە، جا لەبەر ئەوەی حەکیم کاکەوەیس بەهۆی پەروەردەی بنەماڵە و ژینگەکەی لەم ڕووەوە زۆر هەستیار بوو، بۆیە دەبینین ئەم هەستەوەرییە بەتەواوی لەم کارە ئەدەبییەیدا ڕەنگی داوەتەوە، بە هۆشیارییەوە زەمەن و ڕۆژگارەکانی ئەگەر بەناڕاستەوخۆش نەبێت پێکەوە گرێداوە. ئەوەی پیشان داوین ئەو ڕووداوانەی کە هەزار و چوارسەد و چل و ئەوەندە ساڵە چەند لەگەڵ ڕووداوەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیست، بگرە ئێستایشی لەگەڵدا بێت لەیەک دەچن و چەوساندنەوە نەتەوەییەکە بەرانبەر بەکورد لە هەر سەردەمێکدا بەجۆرێ نمایش دەکرێ، بەم ئاوهایە ئەگەر ناوبەناو وتبێتمان (نەخێرا)، ئەوە ئەو نەخێرە بووەتە بەڵای سەرمان و بەهیچ شێوەیەک دەستیان لێ نەپاراستووین، هەر لەم سۆنگەیەوە وەک من ئاگادارم، حەکیم لەناخەوە دەکوڵا و پەنگی دەخواردەوە، بۆیە لەکۆتایی ژیانیدا ئەوەی لەدڵیدا بوو لەم ڕۆمانە دانسقەیەدا هەڵی ڕشت، پێم وایە ئەگەر غەدری لێ نەکرێ، ئەوە بۆ ئایبندە پەندێکی لێ وەردەگیرێ و بەیەکێک لە ڕۆمانە باشەکانی ئەدەبی کوردی دادەنرێ.

لە ڕووی تەکنیک و هونەرکارییەوە شارەزایانە دارێژراوە و وەستایانە هونەرەکانی ڕۆمانی تێدا ڕەچاوکراوە، ڕۆماننووس توانیویەتی لە ڕێگەی خەیاڵەوە ئەو ڕۆژگارە تاریک و لەبیرکراوانە دەور بکاتەوە کە بەسەر میللەتێکی ستەمدیدەی وەک کورد هاتووە.